# خشتەی لێکدان بە پەنجە

• عزیز مەلای رەش •

جاران لەناو فەقێی مزگەوتاندا بۆ زانینی ئەنجامی لێکدانی دوو ژمارە لە جیاتی خشتەی لێکدان واتا (جدول الضرب) کە ئێستا منداڵانی قوتابخانە لەبەری دەکەنو بەهۆیەوە زوو بەزوو ئەنجامی لێکدان دەزانن ، رێگەیەکی تایبەتی بەکاردەهات ئەویش رێگەی لێکدانە بە پەنجەکانی دەست .

جا بۆ ئەوەی نەوەی ئەمرۆمان لە رابردووی نەوەکانی پێش خۆی ئاگاداربێت ، وا رێگەکە بڵاودەکەینەوە .


بەو شێوەیەی کە مامۆستا عزیزی مەلای رەش لە هەولێرەوە بۆی ناردووین .

«رۆشنبیری نوێ»

(خشتەی لێکدان بە پەنجە

لە ژمارە ٦ تا دەگاتە ژمارە ١٠


پێشەکی هەر پەنجەیەك ژمارەیەکی بۆ دادەنێن بە مەرجێك لە ژمارە شەشەوە دەست پێ دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە :-



٧ × ٨ بۆ وێنە بەم جۆرەیە :-

لە دەستێك پەنجەی ژمارە «٦ ، ٧» دەنووشتێنینەوە لە دەستەکەی ژمارە «٦ ، ٧ ،٨» دەنوشێنینەوە .

هەر پەنجەیەك کە نووشتاپەوە بە «٥» حیساب دەکرێت ئەو پەنجانەی کە ماونو نەنووشتاینەوە لێك دەدرێت . ئەنجامەکە دەردەچێت بەم شێوەیە :-



پەنجە نووشتاوەکان لە هەردوو دەست پێنجن واتە :-
«٥ × ١٠ = ٥٠» . ئەو پەنجانەی کە نەنووشتاینەوە لە یەکیان سێنەو لەوی تریان دوونە واتە :-

«٣ × ٢ = ٦» ئەنجامەکە «٥٠ + ٦ = ٥٦» .

٨ × ٩ لە دەستێك پەنجەی ژمارە «٦ ، ٧ ،٨» دەنووشتێنینەوە . پەنجە نووشتاوەکان لە هەر دوو دەست «٧» دەکات واتە «٧ × ١٠ = ٧٠» ئەو پەنجانەی کە ماون لە یەکیان دوونە ولەوی تریان یەکە واتە :

« ٢×١ =٢» ئەنجامەکە «٧٠ + ٢ =٧٢» ئیتر هەروەها